Middle East Research Institute

www.meri-k.org

سەرنجی سیاسی

٢٠ سێپتێمبەر ٢٠١٧ – بەرگی ٤،ژمارە ١٠

*دلاوەرعەلائەدین

# دەوڵەتی کوردستان یان گشتپرسی

مایەی دڵخۆشیە کە هەر لە ئێستاوە، تەنیا بە بەڵێنی ئەنجامدانی گشتپرسی و بەگوڕهێنانی کەمپەینی (بەڵێ)، کاروانی سەربەخۆیی هەرێم چووە قۆناخێکی بەرزی نوێوە، کە گەڕانەوەی بۆ نیە. ئەو کەمپەینە دەستکەوتی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە پێشتر ئاسان نەبوون. بۆ نموونە، لە ئاستی ناوەکیدا، ڕای گشتی کوردستانی بۆ سەربەخۆیی هەرێم یەکلا کردەوە و لێرەبەدواوە پێکەوە لکانەوەی هەمیشەیی بە عیراقەوە بووە ئەستەم، مەگەر بەغدا هەموو مافێکی کورد بدات، کە ئەوەیش هەر ئەستەمە. هاوکات، دوای چاوەڕوانیەکی زۆر، ئەگەر بە نیوەچلیش بێت، پەرلەمان کارا بووەوە، ئەویش وەک سەرەتایەک بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی سیاسی و گێڕانەوەی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سەر ڕێچکەی خۆی.

لە ئاستی دەرەکیدا، دەستکەوتی زیاتریش هاتونەتە دی. لەوانە، تێڕوانینی سەرجەم دۆست و نەیاران گۆڕاوە و بگرە ڕێزی زیاتریان بۆ ئیرادە و خواستی هەرێم لێ بەدی دەکرێ. پێشتر بابەتی سەربەخۆیی تەنیا دیبەیتێکی ناوەکی بوو و بێگانەکان بەهەندیان وەرنەدەگرت، کەچی ئێستا قەناعەتیان هات کە تسونامیەکە لە ناخەوە هەلقوڵاوە و شەپۆلەکانی وادەگەنە پایەتەختەکان .

پێشتر لە بەغدا، توێژی بڕیاردەر لە هیچ کاتوساتێکدا ڕازی نەدەبوون بە فەرمی دان بەو ماف و دەستکەوتانە دابنێن کە خەڵکی کوردستان بە خوێن و خەبات بەدەستیان هێناوە،. لە ئەنکەرە و تەهران مەسەلەی سەربەخۆیی هەرێم بە خەونێکی دوورمەودا و ناواقیعی دادەنرا، وە سیاسەتیان ئەوە بوو کە بە هەموو ئامرازێک ڕێگە لە کاروانەکەی بگرن، کەچی ئێستا دڵنیان لەوەی کە دەبێ لەمەودوا بیر لەوە بکەنەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ کیانی کوردی بکەن و سیاساتی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. تەنانەت، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو هێزە جیهانیانەی لە شەڕی دژ بە داعشدا هاوپەیمانی هەرێم بوون، پێشتر بە کوردیان ڕەوا نەدەبینی کە داوای سەربەخۆیی و سەرفرازی بکات و بگرە وایان دادەنا کە کوردی عیراق دەبێ شوکر بێ بەوەی حاڵیان لە هی کوردانی ئێران و تورکیا باشترە. بەڵام ئێستا ئەو هێزانە وەک کیانێکی خاوەن بڕیار و سەروەر سەیری هەرێم دەکەن و دان بە مافەکانی دادەنێن و پرۆژەی دەخەنە بەردەم .

*سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)

بە دیوەکەی دیکەوە، مێژوو سەلماندوویەتی کە پێویستە کاروانی سەربەخۆیی بە قۆناخی گەشەکردندا تێپەڕێت. لە هەر قۆناخێکدا دەرفەت و هەڕەشەی نوێ دێنە ئاراوە و لە هەریەکەشیاندا بەرژەوەندی وڵات وادەخوازێ کە هەمیشە بیر لە چۆنێتی پاراستنی دەستکەوتەکان و کەمکردنەوەی مەترسیە چارەنوسسازەکان بکرێتەوە. ئەوەش بەتەنیا لە ئەستۆی سەرکردەکاندا نیە، بەڵکو پێویستە هەموو تاکێکی کوردستان لە پرۆسەکەدا هاوکار بێ.

هەتا پێش هەفتەیەک لەمەوبەر، عیراق و وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئامادە نەبوون شەرعیەت بدەنە پرۆسەی گشتپرسی و کەوتبوونە لۆمەکردنی سەرکردەکانی هەرێم بەوەی کە کاتوساتێکی خراپیان هەڵبژاردووە. دیارە خەمخۆری ئەوان پەیوەندی هەر بە شەڕی داعش و دۆخە شلەقاوەکەی ناوچەکە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە پابەند بوونیانەوەیە بە کۆنە پۆڵەسی وڵاتەکانیان کە هەمیشە جەخت لە پاراستنی سنوورە دەستکردەکان و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکان دەکاتەوە. وە پەیوەندی بە ململانێی شاراوەی نێوان هێزە جیهانی و ئیقلیمیەکانەوە هەیە .

بەڵام لەو چەند رۆژەی دواییدا، سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەو جۆرە پەیام و ئامۆژگاری و هەڵوێستانەی تا ئێستا نیشانیان داوە دەردی کورد تیمار ناکات و دڵنیایی ناداتە ئەو میللەتەی کە لە چوارچێوەی هەرچوار وڵاتدا تەنیا داپلۆسین ونەهامەتی و کەمپەینی سڕینەوەی پێ براوە. میللەتێک کە پێشتر قوربانی زۆری داوە تا گەیشتووەتە ئێرە، و ئێستاش ئامادەیە قوربانی دیکە بدات بۆ ئەوەی سەرفراز بێ. بۆیەش لە هەفتەی رابوردووەوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە بۆچوونێکی نوێ و بە پرۆژەی جیدیەوە هاتوتە مەیدان. ئێمڕۆ وای دەردەبڕن کە ئامادەن شەرعیەت بدەنە گشتپرسی و بگرە دواتر بە سەربەخۆیی هەرێم، ئەگەر سەرکردەکانی هەرێم هاوکار بن و کرژی و نیگەرانیەکان برەوێننەوە رێگە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەرێکی دیکەی ناوخۆ بگرن .

لە ئێستادا زیاتر لە سێ پرۆژە بە نوسراوی خراونەتە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی هەرێم. گرنگترینیان ئەوانەن کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا، بە موبارەکی هێزە جیهانی و ئیقلیمەکان و زۆرینەی سەرکردە عیراقیەکان خراونەتە روو. هەر یەک لەو پرۆژانە رێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی رێکەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر بە چاودێری و پاڵپشتی هێزە جیهانیەکان و لە ژێر چەتری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکرێن. خاڵی زۆر گرنگی هاوبەش لەنێو ئەو پرۆژانەدا هەن، کە بە راستەوخۆ وەیان ناراستەوخۆ ئەو دوو مانایانەی خوارەوە دەگەیەنن، وەیان دەکرێ لایەنی کوردی ئەو دوو مانایانەیان لێ بخوێنێتەوە پێش ئەوەی بڕیاری یەکلاکەرەوە، بە قەبوڵکردن وەیان رەتکردنەوە، بدات :

یەکەم: ئەگەر گشتپرسیەکە تەنیا بۆ ماوەی دوو یان سێ ساڵ دوا بخرێت، ئەوا دواتر هەمان گشتپرسی شەرعیەتی نێودەوڵەتی بە ئۆتۆماتیکی وەردەگرێت. دیارە تا ئەوکات بەغدا ئەو دەرفەتەی لەدەستداوە کە دڵنیایی بداتە کورد، بۆیە گشتپرسی دیسان پێویست دەبێ. لەو حاڵەتەدا، ئەگەر کورد بەبێ گشتپرسیش سەربەخۆیی رابگەیەنێت ئەوا پێویستی بە چاوەروانکردنی رای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نابێ .

لە ناواخنی پەیامەکاندایە کە ئەگەر ئەو گشتپرسیە کتوپڕەی ئەوجارەیان، سەرباری نیگەرانی و بگرە توڕەیی بەغدا و وڵاتانی دراوسێ و تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەنجام بدرێت ئەوا کورد بە تەنیا دەمێنێتەوە، وە دەبێ گلەیی سەرگەردانی و دەرەنجامە نەخوازراوەکانی تەنیا لە خۆی بکات. بە واتایەکی دیکە، گومان لەوەدا نیە کە پێداگیریی

کوردی رەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کاروانی سەربەخۆیی هەرێم دووچاری هەڵدێر وەیان قەیرانی نەخوازراو، بە جۆرێک کە تەوای ناوچەکە هەتا دەیان ساڵی دیکە لەگەڵ ئاڵۆزیەکاندا بژیەت .

ئەزموونی وڵاتانی دیکە وای نیشان دەدەن کە ئەگەر کورد لەو جۆرە بارودۆخەدا دەوڵەتیش رابگەیەنێت، ئەوا بە ئاسانی ناگاتە دواقۆناخی سەرفرازی و گەشەسەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی. خۆ لە ناوەوەی هەرێمیشدا، ئەگەر دوودڵیی وەیان دەنگی (نەخێر) لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا زیادیان کرد، ئەوا دوورنیە رێژەی دەنگدان وەیان رێژەی دەنگی (بەڵێ) بکەوێتە بەر مەترسیەوە، ئەوکات هەرێم زیاتر لەت دەبێ. بێگومان لێکترازانی ناوەکی وادەکات پرۆسەی حوکمڕانی هەرێم و تەبایی ناوەکی قورستر ببن و برینەکان هەتا ماوەیەکی درێژ سارێژ نەبنەوە.

دووەم: پرۆژە پێشکەشکراوەکان جەخت لە نیەتچاکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەنەوە بەجۆرێک کە بە دواخستنی گشتپرسی تۆپەکە ئەوجا دەخەنە گۆرەپانی بەغدا و فشاری گەورەتر دەخرێتە سەر شیعەی عیراق بۆ ئەوەی بە خێرایی خواستەکانی کورد سەبارەت بە سنووری هەرێم (واتە ناوچە دابڕێندراوەکان) و هێزی چەکدار و دۆسیەی نەوت و گاز و سەروەری زیاتر دابین بکات. ئامادەن هانی بەغدا بدەن کە لە ماوەیەکی کورتدا بە پەیوەندی حوکمڕانی نێوان بەغدا و هەولێر دابچنەوە، وە ئەگەر پێویست بوو دەستووری بۆ بگۆڕن وەیان رێکەوتننامەی سیاسی نوێ واژوو بکەن کە بە هۆیەوە ئاستی سەروەریی هەرێم هەتا رادەی کۆنفیدرالی (دوو دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتوو) بەرز بکەنەوە. زۆرینەی سەرکردە بڕیاردەرەکانی بەغدا رازین و ئامادەن چەندین لێژنەی پەیوەندیدار لە ئاستی لوتکەدا پێک بهێنن و لە ماوەی ئەو دوو یان سێ ساڵەدا کارە تەنفیزە هەنووکەییەکان ئەنجام بدەن و دواتر یاسای نوێ بۆ رێکەوتنەکان تێپەڕێنن .

خۆ ئەگەر بەغدا توانی ئەو کارانە ئەنجام بدات، ئەوا کاروانی سەربەخۆیی هەرێم بەبێ خوێنرێژتن و بێ سەرئێشە باز دەداتە لوتکەیەکی نوێ. کێشەی کەرکوک و مادەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێ، خاکی ژێر دەسەڵاتی هەرێم بە سەروەت و سامانە سروشتیەکانەوە دوو بەقەدەر جارانی لێ دێت و ئەوانە بە مۆرکی نێودەوڵەتی دەبنە هی کورد. وڵاتانی دەروربەریش پاساویان نامێنێ بۆ ئەوەی مافی کورد لەو ناوچانە بخەنە ژێر پرسیارەوە. هاوکات، ئەگەر دواتر بارودۆخی ناوچەکە گۆڕا وەیان پەیوەندی هەرێم لەگەڵ عیراق تێکچووەوە، ئەوا هەرێم پێویستی بەوە نابێ کە دیسان باس لە سنوور بکاتەوە چونکە شتێک نامێنی بەناوی ناوچەی جێناکۆک، وە ئەگەر هەرێمیش بە دەوڵەتێکی کۆنفیدرالی ناسرا مانای ئەوەیە هاوتایە لەگەڵ باقی عیراق و هەرکاتێک جیا بووەوە پێویستی بە رەزامەندی بەغدا نابێ. لەوەدا، وڵاتانی دراوسێ دەزانن کە کۆنفیدرالیەت مانای دەوڵەتی سەربەخۆیە بەبێ ئەوەی ناوی بنرێت دەوڵەتی سەربەخۆ .

بێگومان واقیعی عیراق وا گەشبین نیە. لە رووی تیۆریەوە، سیناریۆی رێکەوتن لەگەڵ عیراق شتێکی نموونەیی چاکە، بەڵام هەموو شارەزایەک دەزانێ کە عیراق بایی ئەوەندە لاواز بووە و پرۆسەی بڕیاردان لە بەغدا ئەوەندە قورس بووە کە سەرکردەکانی ناتوانن بەو خێراییە و لەمەودای دوو یان سێ ساڵدا مافی کورد بدەن. ئەوەی لە سەر کاغەز نوسراوە وەک پەیام و نیەتێک دەمێنێ و بە زەحمەت لە پەرلەمان وەیان کابینەی حکومەتی بەغدا بۆ جێبەجێکردن تێدەپەرێ. بێگومان هەندێ کاری باش لێرەولەوێ دەکرێ، بەڵام کێشە بنەڕەتیە هەڵواسراوەکان هەر دەمێنن و دیسان بەغدا شکست لەوە دێنێ کە کورد لە ئامێز بگرێ، هەروەک شکستی هێناوە لەوەی کە عەرەبی سوننە و پێکهاتەکانی دیکەی وەک تورکومان و کریستیان لە ئامێز بگرێ .

جا لەو حاڵەتەدا، کورد لە لایەکەوە سوود لە هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی بەغدا دەبینێ و جارێکی دیکە لێی ناسەندرێتەوە، هاوکات ناهەقی ناگیردرێت کە ئەوجارەیان (لە ساڵی ٢٠١٩ وەیان ٢٠٢٠) بە گشتپرسی وەیان بەبێ گشپرسی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنێ. لێرەوەش تا ئەوکاتە، هەردوو هێزی گەورەی دراوسێ و هێزە جیهانیەکان خۆیان بۆ لەو دەرەنجامە ڕادێنن، وە ئەگەر عیراق وەیان هێزێکی دراوسێ تەشقەڵەی بە کورد کرد وەیان بە توندوتیژیەوە ڕێگری لێ کرد، ئەوا کەس ناتوانێ ئۆباڵی ئالۆزکردنی بارەکە و شلەقاندنی سەقامگیری ناوچەکە بخاتە ئەستۆی کورد .

جا لێرەدا پرسیاری گرنگ ڕووبەڕووی سەرکردەکان و خەڵکی کوردستان دەبنەوە و دەبێ دوور لە سۆز و گوڕی عاتیفی بیر لە وەڵامەکانی بکەنەوە. ئایا سەربەخۆییەکی مسۆگەر لە دوای سێ ساڵ هەڵدەبژێرن کە ڕەنگە بە پاڵپشتیەکی زۆری ناوەکی و نێودەوڵەتی وە بەبێ ئالۆزی یان خوێنرێژی بێتە کایەوە، وەیان گشتپرسیەکی زەحمەت لە ئێستادا کە تا ڕادەیەک خەڵکی کوردستان نیگەران دەکات، وە دوژمنە سەرسەختەکان هان دەدات کە بە شەڕ وەڵامی هەرێم بدەنەوە، و وادەکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی لێمان دوورەپەرێز بگرێت. جا دوورنیە بەو جۆرە تەگەرانەوە سەربەخۆیی هەرێم هەتا دە ساڵ و زیاتر دوا بکەوت .

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هەقیەتی کە متمانەی بە بەڵێنە دەرەکیەکان نەماوە، بەڵام پێویستە لەو کاتە زۆر هەستیارەدا بە وریاییەوە بەڵگەکان هەڵسەنگێنێ و ئەگەرە ترسناک و بەڵێنە پڕشنگدارەکان بەرامبەر یەکتر دابنێ، ئەوجا بڕیاری دواییان لێ بدا. هەروەک چۆن خەڵکی کوردستان هەمیشە دوای پەیام و پێشڕەویتی سەرکردەکانی کەوتووە و قوربانی زۆری بۆ دۆزەکە داوە، بەهەمان شێوەش پێویستە سەرکردەکان مەبەستیان بێ کە خەڵکی کوردستان بە دڵنیایی و بەرچاوڕوونیەوە پشتگیری لە بڕیارە چارەنوسسازەکانیان بکەن. لێرەدا، لۆژیک دەبێ بەسەر سۆزدا زاڵ ببێ و دوادەرفەت بدرێتە گفتوگۆیەکان بۆ ئەوەی گلەیی و ئۆباڵی مێژوو نەکەوێتە ئەستۆی خەڵکی کوردستان و سەرکردەکانیان.

بۆ بەکارهێنانی وەکو سەرچاوە. دلاوەر عەلائەدین (٢٠١٧) دەوڵەتی کوردستان یان گشتپرسی، سەرنجی سیاسی. بەرگی ٤، ژمارە ١٠

ئەم بیرو ڕایانەی لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو بیروبۆچونی نوسەر خۆین و مەرج نیە کە بیروبۆچونی ئینستیتیوتی مێری بن.